Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10204

# جۆرەکانی دەوروبەر لە زمانی کوردیدا

ئازاد ئەحمەد حسەین[1] ، تانیا ئیسماعیل حەمەئەمین[2]

1-بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، عێراق کوردستانی هەرێمی.

2-بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، عێراق کوردستانی هەرێمی

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی تێزی دکتۆرا، بە ناونیشانی (جۆرەکانی دەوروبەر لە زمانی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی، سەرجەم جۆرەکانی دەوروبەر و کاریگەریيان لەسەر واتا و ڕۆنانە سینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا، دەوروبەر و جۆرەکانی، ڕۆڵ و گرنگیی بەرچاویان، لەسەرجەم زانستەجیاوازەکان و زانستی زمان بەتایبەتی هەیە. دەوروبەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاستی واتاسازیدا هەیە، لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر لە شیکردنەوەی دەربڕاوەکاندا، دەبێتە هۆی تێگەیشتنی دروستی مەبەستەکان، بەهەمان شێوەی ئاستی واتاسازی، لە ئاستی سینتاکسیشدا گرنگیی و ڕۆڵی دیاری هەیە، کە لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە، بەنموونەی کارەکی پەیوەندی و ڕۆڵی دەوروبەر بخرێتەڕوو، لەم توێژینەوەیەدا کەرەستەی دیالێکتی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی) بەکارهێنراوە، هەروەها ڕێبازی پەسنیی شیکاریی پەیڕەوکراوە. ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش و چەند پار و وەچەپارێك پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (دەوروبەری زمانی)، کە لەچەند پارێکدا جۆرەکانی دەوربەری زمانی ڕوونکراونەتەوە، ڕۆڵیان لە تێگەیشتنی دەربڕاوەکاندا، بە نموونەوە شیکراونەتەوە، لە بەشی دووەمیشدا (دەوروبەری نازمانی) و جۆرەکانی و ڕۆڵیان لە ئاستەکانی زماندا، هەروەها چالاکترین جۆرەکانی دەوروبەرە نازمانیەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەنموونەوە خراونەتەڕوو.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

دەوروبەر، دەوروبەری زمانی، دەوروبەری نازمانی، واتا، ڕۆنانە سینتاکسییەکان

***Corresponding Author***

**پێشـــەکی:**

گرنگی و بایەخی دەوروبەر لە زانستی زماندا بەگشتی و لە ئاستی واتاسازیدا بەتایبەتی، هۆکارێك بووە، بۆ گرنگی پێدان و گەشەپێدانی بەردەوامی ئەم بابەتە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانەوە. بە بۆچوونی (فێرث)، "دەوروبەر بەشێکە لە پێکهاتەکانی زمان"، (ئاوات ئەحمەد محەمەد، 2009: 27)، واتە یەکە زمانییەکان و واتا و مەبەست و دروستەکانیان، لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا ڕوونەبنەوە، بەمەش ناتوانرێت لە زمان جیابکرێنەوە، بەمپێیە، "دەوروبەر ئەو چەمکەیە، کە ڕابەرایەتی پرۆسەی بنیاتنانی واتا دەکات." (Requejo M. D. P, 2007: 177).

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانەوە، دابەشکاریی جۆراوجۆر بۆ دەوروبەر کراون. هەندێك لە زانایان دووجۆر دەوروبەریان دیاریکردووە، ئەوانیش دەوروبەری زمانی و نازمانین. هەندێکی دیکەیان، (دەوروبەری زمانی، دەوروبەری بارودۆخ، دەوربەری کلتوری و دەوروبەری سۆزداری)یان دیاریکردووە. (فێرس)، وەك دامەزرێنەری تیۆری دەوروبەر، ئاماژەی بە (دەوروبەری زمانی، دەوروبەری بار) کردووە، هەروەها "بەپێی کاریگەربوونی (هاڵیدای) بە (فێرس)، جۆری دابەشکردنی دەوروبەر لای هەردووکیان هەمان دابەشکردنە." (شێرزاد سعید صدیق، 2008: 36)، بەڵام بەگشتی دوو جۆر دەوروبەر لە زانستی زماندا خراونەتەڕوو، کە بەپێی زۆرێک لە لێکدانەوە زمانییەکان، دیارترین و بڵاوترینیانن، ئەوانیش:

## دەوروبەری زمانی و دەوروبەری نازمانین.

### 1) دەوروبەری زمانی

جۆرێکی گرنگی دەوروبەرە، لە خستنە ڕووی واتا و مەبەستی سەرەکیی دەربڕاوەکاندا، ڕۆڵ و بایەخێکی زۆری هەیە، ئەمەیش بەو هۆکارەی "ئەو واتایەی، کە بە فلتەری دەوروبەردا تێدەپەڕێت، واتایەکی وردە.". (سید مهدی مسبوق، رسول فتحی مظفری، 1396: 28). دەوروبەری زمانیش، وەك جۆرێکی دەوروبەر، کە تایبەتە بە ناوەوەی زمان، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی وشە و دەستەواژەکانی دەوروبەری دەربڕاوە زمانییەکان، یان چەند ڕستەیەکی پێش و پاشی ڕستە یان دەستەواژەی مەبەستە، لەناو دەقەکەدا. بەمپێیە، دەوربەری زمانی، "بە یاسا و ڕێسای زمان و وشە و ڕیزبەندییە جیاوازەکانەوە پابەندە". (سازان ڕەزاموعین، 2005: 72). واتە چۆنیەتیی ڕیزبوونی یەکە زمانییەکان، لەناو دەربڕاوەکاندا (نوسراو یان گوتراو)، پەیوەندیی نێوان ئەم یەکە زمانییانە و گونجانیان لەگەڵ یەکدا، دەبن بە دەوروبەری زمانی بۆ دەربڕاوێك، کە گۆڕینی شوێنی هەرکام لەم پێکهاتانە، واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە دەگۆڕێت. واتە "دەوروبەری زمانی دوورە لە دەوروبەری گوتنەکە، تەنها ئاماژە بە ناوەوەی زمان دەکات" (ئالان محەمەد ئەوڕەحمان، 2015: 54)، هاوکات ڕۆنانە جیاوازەکانیش، لێکەوتەی دەوروبەرە جیاوازەکانن.

کەواتە، مەبەست لە دەوروبەری زمانی "بەکارهێنانی وشەیە لەناو ڕستەدا، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا. بەمشێوەیە ئەو واتایەی، کە لە دەوروبەری زمانییەوە بەدەستدەهێنرێت، لە واتای فەرهەنگیی وشەکان جیاوازە، واتاکەی بۆ واتایەکی دیکە دەگۆڕێت". (سید محمد رضا ابن رسول و آخرون...، 1396: 26). مەبەست لە (واتای فەرهەنگی)یش، ئەوانەن، کە لەناو فەرهەنگی زماندا تۆمارکراون، بەڵام واتای دەوروبەر، ئەوانەن، کە دەوروبەرە جیاوازەکان بە دەربڕاوە زمانییەکانی دەبەخشن.

(جۆن لاینز)، دەربارەی دەوروبەری زمانی، دەڵێت: "واتای وشە لە ئەنجامی پەیوەندیی وشەیەك، لەگەڵ وشەیەکی دیکە، هاوڕێ لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەیدا بەدەستدێت." (فرشید ترکاشوند، نسرین ناگهی، 1392: 64)، لەبەرئەوەی، هەندێکجار واتای دەوروبەر، هەمان واتای فەرهەنگییە، یان هەردوو پێکەوە، پەیامەکان دەگەیەنن، هەندێجاریش واتای دەوروبەر لە واتای فەرهەنگی وشەکان جیاوازە. دەوروبەری زمانی بەڕادەیەکی فراوان بە دەقەوە پەیوەستە، چونکە شیکردنەوەی ناوەوەی زمانە. "هەر بەشێك لە دەق، کە لە پێشەوە دێت، دەوروبەرێك بەرهەمدەهێنێت بۆ ئەوەی، کە لە دوایەوە دێت." (مایکل هلیدی، رقیەحسن، 1393: 128). بۆنموونە، ئەگەر سەرنج بدەین، زۆرجار کێشەی فێرخواز، لە زانکۆدا، لەکاتی نووسینی ڕاپۆرت، یان توێژینەوەی قۆناغی چوارەمدا، بریتییە لە شارەزانەبوون، لە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی دەوروبەرێکی زمانی گشتی بۆ توێژینەوە، یان ڕاپۆرت. لەئەنجامدا دەبینرێت، کە ڕستە و پەرەگرافەکانی نووسینەکە پێکەوە پەیوەستنەکراون، وشە و ڕستەکان بە جوانی تێهەڵکێش نین، ئەمەش لە نرخ و بەهای نووسینەکە کەم دەکاتەوە و ئاڵۆزی و تێنەگەشتن دێنێتەئاراوە. بەمپێیە، دەوروبەری زمانی "پەیوەندی نێوان وشە و فرێزو ڕستە و تەنانەت پەرەگرافیشە" (Song .L., 2010: 876)

پەیوەندییە واتاییەکان و دەوروبەر، بە توندی بەیەکەوە بەستراون، بەوپێیەی پەیوەندییە واتاییەکانی وەك (هاوواتا، فرەواتا، دژواتا...هتد)، هەندێکجار لە ڕستە و دەستەواژەکاندا، دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵی، کە دەتوانرێت بەهۆی دەوروبەری زمانییەوە، چارەسەربکرێن و لێڵییەکەیان برەوێتەوە. بۆ نموونە، دیاردەیەکی، وەك (فرەواتایی وشە)، لەناو ڕستەدا. دەکرێت یەك وشە، چەندین واتای جیاواز بگەیەنێت، کە ئەمەش زۆرجار بەهۆی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی پێش و پاشی خۆی دیاریدەکرێت. هاوواتایش بەهەمانشێوە بە دەوروبەرەوە پەیوەستە، هەروەك (ئۆلمان) دەڵێت: "وشە هاوواتاکان ئەوانەن، کە لە واتادا یەکسانن و لەهەر دەوروبەرێکدا، دەتوانن لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن." (فرشید ترکاشوند، نسرین ناگهی، 1392: 67) "قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دابڕاوەکان، پەنادەباتەبەر دەوروبەری زمانەوانی و لەڕێی پرۆسە ڕیزمانییەکانی (فۆنۆلۆژی- مۆرفۆلۆژی- سینتاکس- سیمانتیك)ەوە جفرە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر لێکدەدرێتەوە". (ئاڤێستا کەمال مەحموود، 2006: 29). لەمڕوانگەیەوە، دەوروبەری زمانیش دابەشکراوە بۆ چەند جۆرێك:

#### 1/1) دەوروبەی فۆنۆلۆژی

بریتییە لە پێکەوەهاتنی فۆنیمەکان لە چوارچێوەی وشەدا. فۆنێم، کە یەکەیەکی ئاستی فۆنۆلۆژییە، بەتەنیا واتا نابەخشێت، بەڵکو لە ناو مۆرفیم و وشەکاندا ڕۆڵ و نرخیان پێدەدرێت و واتا وەردەگرن، واتە "لێکۆڵینەوەیە لە فۆنێم لەو دەوروبەرەیدا، کە تێیدا ڕوودەدات". (شاخەوان جەلال فەرەج، 2011: 123). بەمپێیە، فۆنێمەکانی پێش یان دوای فۆنێمە دەربڕاوەکان، دەبنە دەوروبەر بۆ فۆنێمی مەبەست، هەندێجار و بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان، فۆنێمێك زیاد لەیەك دەنگی دەبێت. بۆنموونە:

1)ا- پێشمەرگە، شۆرش، شەڕ

ب- مێوژ، ژەنگ

پ- سەنگەر، دەستگیر، سەمون، سیر

لە نموونەکانی (1- ا)دا، لە وشەی (پێشمەرگە)دا، فۆنێمی /ش/ بە دەنگی {ژ}دەربڕاوە، بەڵام لە وشەکانی تردا بەهەمان دەنگی {ش} دەربڕاون.

لە (1- ب)یشدا، /ژ/ی وشەی (مێوژ) بە {ش}، هەروەها /ژ/ی وشەی (ژەنگ) بە {ژ} دەربڕاون. لە (سەنگەر، سەمون)ی (١-ت)یشدا و بەهۆ و کاریگەریی دەوروبەرە زمانییەکانەوە، /س/ بە {ص} گۆدەکرێت، بەجۆرێکی دیکە و بەهۆی گۆڕانی دەوروبەرە زمانییەکەوە، /س/ ناو وشەی (دەستگیر) بە {ز} دەردەبڕرێت، لە وشەی (سیر)دا، /س/ بە {س} دەربڕاون.

ئەم مامەڵەکردنە دەنگییە جیاوازانە، بۆ دەوروبەری فۆنۆلۆژیی وشەکان دەگەڕێتەوە، کە هەریەك لەو فۆنێمانە بەپێی فۆنێمەکانی دەوروبەری، بە دەنگی جیاواز دەردەبڕێن، هەروەها ئەو وشانەی، "کە تەنیا لە یەك فۆنیمدا جیاوازن و فۆنیمەکانی تریان وەك یەك وان (واتە هاوبەشن)، ئەو فۆنێمە جیاوازە دەبێتە دەوروبەر بۆ فۆنێمەکانی تر و بەهۆیەوە واتای وشەکان دەگۆڕێت." (بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین، 2013: 41)، دروستەی وشە و مۆرفێمەکەش، بەپێی دەوروبەرەکە جیاوازدەبن. بۆنموونە:

٢)ا- باز، قاز، ڕاز، ناز، شاز

ب- چاو، ناو، لاو، داو، ڕاو

پ- مێو، سێو، کێو، لێو، دێو.

فۆنێمە جیاوازەکان لە نموونەکانی (٢-ا)، دەبن بە دەوروبەری فۆنۆلۆژی بۆ هەموو نموونە هاتووەکانی دیکە. بەهەمانشێوە فۆنێمە جیاوازەکانی (٢-ب)یش دەوروبەری فۆنۆلۆژی بۆ وشەکان دەنوێنن. هەروەک چۆن /م، س، ک، ل، د/یش، وەک دەوروبەرە فۆنۆلۆژییە جیاوازەکان بۆ نموونەکانی (٢-پ) دەردەکەون.

فۆنێمە ناکەرتییەکانیش، کە بریتین لە (هێز، ئاواز، وەستان) و جۆرێکی چالاکی فۆنێمن، دەتوانن ببنە دەوروبەر، کە بەهۆی بەگۆڕینی شوێنیانەوە، واتاکان دەگۆڕن. بۆنموونە:

٣)ا- جوانە بەیەکەم دەرچوو؟

ب- جوانە بەیەکەم دەرچوو.

پ- جوانە بەیەکەم دەرچوو!

هەریەك لەم ڕستانە، بەپێی شوێنی فۆنێمە ناکەرتییەکان، واتا و جۆری ڕستەکانیش (پرسیاری، هەواڵی، سەرسوڕمان) دەگۆڕێت، لە نووسینیشدا، بەهۆی نیشانەکانی خاڵبەندییەوە دەردەکەون. ئەمەیش جارێکیتر سەلماندنی کاریگەری و ڕۆڵی گرنگی دەوروبەرە زمانییەکانە(لە هەموو ڕوانگەکانییەوە) لە ناو دروستە و دەربڕاوە زمانییەکاندا.

2/1) دەوروبەری مۆرفۆلۆژی

مۆرفێمەکانیش، بەهەمانشێوەی فۆنێم، دەبن بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی وشەکان، واتا و دروستەی جۆراوجۆر بە دەربڕاوە زمانییەکان دەبەخشن. دەوروبەری مۆرفۆلۆژی، "بەگشتی دەرکەوتنی مۆرفێمە بەندەکان، یان سەربەستەکانن، لە دەوری وشەیەکی فەرهەنگیدا، کە لە ئەنجامدا، وشەکە واتایەکی ڕێزمانی، یان واتایەکی فەرهەنگیی نوێ بەرهەم دەهێنێت" (بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسێن، 2013: 41)، بۆنموونە:

٤)ا- دانەر، بینەر، نوسەر

ب- *جوانەر، *دارەر

پ- دارەوان، شاخەوان

لە نموونەکانی (4- ا)دا، مۆرفێمی (-ەر)، لەگەڵ ڕەگی کرداردا بەکارهاتووە، ئەمەیش وایکردووە، کە لە دەوروبەرێکی گونجاودا بێت، بەڵام لە نموونەکانی (4- ب)دا، ئەم مۆرفێمە بەندە، بەشێوەیەکی نادروست و لە دەروبەری نەگونجاودا، لەگەڵ ئاوەڵناو و ناودا هاتووە، هەروەها لە کۆتا نموونەدا پاشگری (-ەوان)، لە دەوروبەرێکی گونجاودا بەکارهاتووە.

1/ 3)دەوروبەری سینتاکسی

مەبەست لەمجۆرە، پێکەوەهاتنی وشە و فرێزەکانە بەشێوەیەکی یاسابەند بۆ پێکهێنانی ڕستە، کە هەریەك لەو وشە و فرێزانە دەبنە دەوروبەری سینتاکسی و گۆڕینی شوێنی هەریەکێکیان، لە زۆر باردا واتا و مەبەستی ڕستەکە دەگۆڕێت، بەهەمانشێوەی واتا، دروستەی ڕستەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی کەرستە زمانییەکان پێکەوە.

هاونشینی، یان پەیوەندیی ئاسۆیی، یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لەلایەن (دی سۆسێر)ەوە، خراوەتەڕوو، کە باس لە پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەکات، کە ئەم پەیوەندییەیش لەناو چوارچێوەی دەوروبەری زمانیدایە. "ئەو واتایەی، کە لە مێشکی گوێگردا فۆرمی وەرگرتووە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هاونشینیی وشەکان و بەپێی خواستی دەوروبەرە زمانییەکەیە، هەر بۆیە لە دواتردا گوێگر بە لێکدانەوەی ئەم پێکەوەهاتنەی وشەکان، دەتوانێت مەبەستی سەرەکیی قسەکەر بەدەستبهێنێت." (علیرضا روستایی، علی اصغر روان شاد، 1400: 47). کەواتە، پەیوەندی و هاوڕێیەتی و گونجانی دەربڕاوەکان لە دەوروبەری سینتاکسیدا، مەبەست و ڕۆنانی نوێ بەرهەمدەهێنن، بۆنموونە:

٥)ا- شێرەکە نەڕاندی.

ب- پیاوەکە نەڕاندی.

لەنموونەی (5- ا)دا، کرداری (نەڕاندی) بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕستەی دواتردا، کردارەکە، لەگەڵ مرۆڤدا نەگونجاوە، لێرەدا واتایەکی دیکەی وەرگرتووە، کە واتای توڕەبوونی پیاوێك، یان دەنگ بەرزکردنەوەیەکی نەشیاو دەگەیەنێت. بەمشێوەیە دەردەکەوێت، "واتای وشە، پشت بە چوارچێوەی ئەو ڕستەیە دەبەستێت، کە تێیدا هاتووە." (Doyle. V. F, 2007: 4). لەم ڕوانگەیەوە، دەربڕاوەکان لە دەرەوەی دەوروبەر ناڕونن و لێکدانەوەیەکی لێڵ و نادروستیان دەبێت.

## 2)دەوروبەری نازمانی

لەشیکردنەوەی دەربڕاوە زمانییەکاندا، مەرج نییە تەنها بە دەوروبەری زمانی مەبەست دەستبکەوێت، بەڵکو "ڕەنگە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی دەوروبەردا بە هاوبەشی، واتا و مەبەستەکان بگات" (ناریمان براح، 2015: 12). ئەم دەوروبەرە بە دەرەوەی زمانەوە پەیوەستە، بە پێچەوانەی دەوروبەری زمانی، کە لێکۆڵینەوەیە لە ناوەوەی زمان.
دەوروبەری نازمانی چەندجۆرێك دەگرێتەوە:

(1/2 دەوروبەری بارودۆخ (بار)

ئەو دەوروبەرەیە، کە ئاخاوتن، یان دەقەکانی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، ئاشکرایە، "فێرس گرنگیی بەلایەنی کۆمەڵایەتیی واتا داوە، بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی دەربڕاوە زمانییەکان، بۆ ئەمەش دەستەواژەی (Context of Situation)، بەواتای دەوروبەری بار، یان بارودۆخ بەکارهێناوە" (بوزبوجة عبدالقادر، 2007: 9)، کە تێیدا دەربڕاوەکان، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە شیدەکرێنەوە، هەروەها ئاخێوەر لە ڕوانگەی بارودۆخەکەوە، پەیامەکانی دەگەیەنێت.

لە پێش (فێرس)یش، (مالینۆفسکی)، ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە و لێکۆڵینەوەی لەسەرکردووە، بەجۆرێکی سەرەکیی دەوروبەری داناوەو ڕۆڵ و گرنگیی لە شیکردنەوەی وەرگێڕان و دەربڕاوەکاندا خستووەتەڕوو. زانایانی دیکەش لە ژێر کاریگەریی (فێرس)دا، لێکۆڵینەوەیان لەم بوارەدا ئەنجامداوە، لەوانە (هایمز)، کە پێیوایە "منداڵ لە بارودۆخی ئاسایدا زانیاریی ڕستەکانی زمان(نەك لە ڕووی ڕێزمانییەوە، بەڵکو لەڕووی گونجانەوە) بەدەستدەهێنێت." (مرضیه رستمیان، سید کاظم طباطبایی، 1390: 32)، ئەمەش بەهۆی بوونی توانستی پەیوەندیکردنەوە دەبێت، کە مەبەست لێی گونجاندنی دەربڕاوەکانە، لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا.

مرۆڤ لە دەوروبەردا دەتوانێت ئەم توانستە بەدەستبێنێت و بەردەوام گەشەیپێبدات و بەکاریبهێنێت، واتە توانستی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکانی دەبێت، بەمەرجێك لەگەڵ کات و شوێن و باردۆخەکەدا بگونجێت. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت، دەوروبەری بارودۆخ، "دەوروبەرێکی سەرو_زمانییە، کە تێیدا دەربڕاوێك دەخرێتە بەرباس، لەم پێناوەدا چەمکەکانی (ژمارەی بەشداربووان لە گفتوگۆکەدا، ئاستی فەرمیبوونی گفتوگۆکان، چالاکیی زمانی، بابەتی باسکراو...هتد)، جێگای سەرنج دەبن"، (سید محمد رضا ابن رسول و آخرون... ، 1396: 26). لەم دەوروبەرەدا، هەموو پێکهێنەرەکانی گفتۆگۆکە بۆ یەکەزمانییەکان دەبنە دەوروبەری بارودۆخ و لەهەمانکاتدا، هۆکارن بۆ لێکدانەوەو درککردن و ڕۆنانی دەربڕاوەکان، لەوانە (قسەکەر، گوێگر، ئامادەبووان، بارودۆخی تایبەتی، شوێن و بابەتی گفتوگۆ، چین و ئاستی ڕۆشنبیریی بەشداربووان...هتد).

(هالیدای) سێ پێکهاتەی بۆ دەوروبەری بارودۆخ دەستنیشانکردووە، (1.بابەت، 2.بەشداربووان، 3.کەشی گفتوگۆکە)، (مایکل هلیدی، رقیەحسن، 1393: 128)، بۆنموونە هەریەك لە دەربڕاوەکانی نموونەی(٦) لە بارودۆخی تایبەتدا بەکاردێن:

٦)ا- سەلامەتییە.

ب- تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبێت.

پ- هاوبەشی خەمتانین.

ت- جەژنتان پیرۆزبێت.

ج- بەنازی دایك و باوکەوە گەورەبێت.

هەریەك لەم دەربڕاوانە، لە بارودۆخێکدا بەکاردێن، دەربڕاوی نموونەی (6- ا)، بەکەسێك دەوترێت، کە نەخۆش بێت، نموونەکانی (6- ب) و (6- پ)، لە کاتی پرسەدا بەکاردێن، بە تایبەت لەلایەن چینی گەنجان و ڕۆشنبیرانەوە زیاتر بەکاردێن، نموونەی (6- ت)، لەکاتی بۆنەی جەژندا بەکاردێت، بەمەبەستی پیرۆزکردنی بۆنەی جەژن، لە کۆتا نموونەشدا بۆ منداڵ بەکاردێت، بەتایبەتی بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵەوە بەکاردێت. بەمشێوەیە، قسەکەر بەجۆرێك، یەکەزمانییەکان بەکاردێنێت، کە هەڵگری مەبەستەکانی بێت و لەهەمانکاتدا گونجاوبێت، بۆ ئەو بارودۆخ و دەوروبەرەی، کە دەیەوێت بەکاریبهێنێت، ئەگەر نەگونجاوبێت بۆ ئەو دەوروبەرە، ئامانجەکە ناپێکێ و مەبەستەکان بە ڕوونی ناگەن. (فێرس)یش، سێ پێکهاتە بە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم دەوروبەرە دادەنێت، ئەوانیش، "بەشداربووان، چالاکی، ڕەفتاری بەشداربووان"، (آزاده شریفی، 1397: 81).

ئاگاداربوونی گوێگر، یان خوێنەر، لە دەوروبەری بارودۆخی دەربڕاوەکان، هۆکارە بۆ پێشبینکردنی دروست بۆ درککردنی بابەتەکان، بەڵام زۆرجار لێکدانەوەکان بەتەواوی ناپێکرێت، ئەمەش بەهۆی بێ ئاگایی لەبارودۆخەکە، کە زۆرجار لە لێکدانەوەی شیعریدا دەبینرێت. بۆنموونە، دەکرێت لە لێکدانەوەی شیعرێکی ئاینی(عیرفانی)دا، خوێنەر بەهۆی ناشارەزایی لە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و وردەکارییەکانی ژیانی و باردۆخی گشتی و تایبەتیی شاعیر، لەکاتی نووسینی شیعرەکەدا، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی خوێنەر بە شیعرێکی عاشقانە (عەشقی دونیایی) شیکردنەوە بۆ دەقە بکات و هەر وایش لێیتێبگات، یان زۆرجار شاعیر، شیعری بۆ یارەکەی نووسیوە و باسی دڵڕەقی یار دەکات، بەڵام بە ئاگادارنەبوون لە بارودۆخی دەقە شیعرییەکە، ڕەنگە خوێنەر بەجۆرێك لێکدانەوەی بۆ بکات، کە بۆ دوژمنێك نووسراوە، لێرەدا نرخ و بەهای دەوروبەری زمانی و نازمانی بۆ لێکدانەوەی یەکەزمانییەکان، دەردەکەوێت، کە هەردوو پێکەوە بەشدارن لە

ڕوونکردنەوەی دەربڕاوەکاندا. هەروەها "سەرجەم چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر، لە بارودۆخەکەدا کارلێك دەکەن و کۆی دەوروبەرەکە بەرجەستە دەبێت". (شاخەوان جەلال فەرەج، 2011: 128). ئەمەش گرنگیی ئەمجۆرەی دەوروبەر دەردەخات، کە بەشێوەیەکی تایبەت ڕۆڵی لە هەڵهێنجانی واتایەکی تایبەتدا هەیە، کە هەر ئەویش واتای مەبەستە، لەم ڕوانگەیەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە سەرجەم جۆرەکانی دەوروبەر پەیوەستن بە بارودۆخەوە.

2/2) دەوروبەری کلتوری

هەر دەربڕاوێکی زمانی، زادەی کلتور و دابونەریت و بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانە. کلتور بەشێکی فراوانی ژیانی مرۆڤایەتی داگیرکردووە و بەشێکە لە شوناسی نەتەوە. هەژموونی بەسەر هەموو دەربڕاوەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت، یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەفتار و گوفتاری تاك. هەر میللەت و دەستەو کۆمەڵێك خاوەنی کلتوری تایبەت بەخۆیانن، کە هەندێکیان ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوون و ئاینی کۆمەڵگان، هەندێکی دیکەشیان، هەندێکجار پێچەوانەی ئاین و بیروبۆچوونی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگان، بەڵام لەبەرئەوەی لە مێژوویەکی کۆندا، زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا پەسەندیانکردووە، بونیادی بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیان داڕشتووە و بوون بە بەشێک لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی کۆی گشتیی کۆمەڵگا. هەندێکجاریش بە تێپەڕبوونی کات، هەندێك کلتور، بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگاکە و کرانەوە و ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری تاکەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت. "هەر گۆڕانکارییەکیش لە کلتوردا ڕوودەدات بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دەبێت، دواتریش کاردانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە زماندا دەردەکەوێت" (ئالان محەمەد ئەوڕەحمان، 2015: 21). بابەتی کلتور لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازە، هەندێجار ئەو نەتەوانەی نزیکن لەیەك (لەڕووی جوگرافی، یان لەڕووی ڕەچەڵەکی زمانەکەیانەوە)، خاڵی هاوبەشی کلتوری، لە نێوانیاندا دەبینرێت، ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆ فێربوونی زمانەکەیان بەشێوەیەکی ئاسانتر. لەم ڕوانگەیەوە تێگەیشتن لە دەوروبەرە کلتورییەکە لە ناو بۆتەی زماندا، تا ڕادەیەک ئاسانتر دەبێت بۆ قسەکەران و ئاخێوەرانی زمانەکە.

زانیارییە کلتورییەکان، لە ڕێگەی ئەزموونکردن و بە تێپەڕینی کات، دەبن بە بەشێک لە کۆزانیاریی گشتی لای تاک. ئەو دەربڕاوانەی، کە دەوروبەری کلتوری بەرهەمیاندەهێنن، بەهەمان دەوروبەر دەتوانرێت درککبکرێن. گرنگیی ئەم دەوروبەرە، بێجگە لە شیکردنەوەی یەکەزمانییەکان، ڕۆنانە جیاوازەکانیش بەرهەمدەهێنێت، بەجۆرێك هەر دەستەو مرۆڤێك، بەپێی کلتوری کۆمەڵگا و ناوچە و خێزان و ڕەگەز و داب و نەریتەکانی تایبەت بە خۆیان، ڕۆنانی جیاواز بەرهەمدەهێنن. لەبەرئەوەی، کە درککردن بە دەربڕاوەکان، هەندێك جار تەنیا بە زانینی بارودۆخەکە ڕوونانابێتەوە، بەڵکو زۆرجار زانیاریی کلتوریی ورد پێویستن. لەمڕوانگەیەوە، "(مالینۆفسکی) هەردوو چەمکی (دەوروبەری بارودۆخ) و (دەوروبەری کلتوری)، خستووەتەڕوو، کە بەبۆچوونی ئەو، هەردوو جۆرەکە بۆ تێگەیشتن و درککردنێکی دروستیی دەق و دەربڕاوەکان پێویستن ". (مایکل هلیدی، رقیەحسن، 1393: 43). ئەمەش لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکەوە، کە لەسەر زمانی دورگەیەك ئەنجامیدا، کاتێك نەیتوانی لێکۆڵینەوەکەی بەشێوەیەکی دروست و ڕوون وەربگێڕێت بۆ زمانی ئینگلیزی، بۆی دەرکەوت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر تێگەیشتن ئاڵۆز و مەحاڵ دەبێت.

بە بۆچوونی (هاڵیدای)، "کلتور لە بارودۆخدا دەخرێتەڕوو" (آزاده شريفی، 1397: 86). واتە دەوروبەری کلتوریش لەناو بارودۆخەکاندا دروستدەبێت و دەخرێتەڕوو، هەروەها "دەوروبەری بارودۆخ، لەناو قاڵبێکی گەورەتردا واتادەبەخشێت، ئەویش دەوروبەری کلتورییە، لەبەرئەوەی بیروباوەڕ و کلتورە، کە بارودۆخ دەسازێنێت" (ليلا الهيان، 1391: 43)، (مارينا مانفريدی، 1394: 45). ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و کاریگەریی بەهێزی نێوان ئەم دوو جۆرەی دەورەبەر دەردەخات. تێگەیشتن و قبوڵکردنی هەر تاکێکیش، بۆ کلتور و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگاکەی، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش "کاریگەری ، لەسەر تێگەیشتنی دەقە هونەریی و مێژووییەکان، یان هەر دەقێکی دیکە دەبێت." (ليلا الهيان، 1391: 44)، بۆ نموونە:

٧)ا- نەورۆز گەشت دەکەم.

ب- سەریساڵ بەفر دەبارێت.

پ- سبەی جەژن نییە، چونکە مانگ نەبینراوە.

ت- ئەوان خوشك و برای شیرینن.

ج- ئەوان دەزگیرانی یەکن.

لە هەریەك لەم ڕستانەدا، تایبەت بە کلتور لە باشوری کوردستان، ڕەنگە لە کلتورێکی دیکەدا هەمان مەبەست و واتا نەدەن بەدەستەوە. نموونەی (7- ا)، تایبەتە بەو نەتەوانەی، کە بۆنەی نەورۆز بووە بە کلتور و هەموو ساڵێك لەسەرەتای بەهاردا، بەم بۆنەیەوە دەکرێت بە پشوو، خەڵك دەچنە دەرەوە بۆ گەشت و سەیران، ئەم دەربڕاوە وڵاتانی دیکە ناگرێتەوە، کە گرنگی بەم بۆنەیە نادەن. ڕستەی (7- ب)، بۆ کلتوری کوردستانی باشوری کوردستان، کە ڕۆژمێری زاینی بەکاردەهێنێت، دروستە. سەریساڵ دەکەوێتە وەرزی زستانەوە، بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە سەریساڵ دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە، ئەم دەربڕاوە لۆجیکی نییە یاخود تێگەیشتنێکی دروست ناهێنێتەئاراوە. لە نموونەی (7-پ)دا،

ئەو کۆمەڵگایانەی، کە پەیرەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، دەتوانن لەم دەربڕاوە تێبگەن، بە پێچەوانەوە، ئەو کەسانەی شارەزای کلتوری ئاینەکە نەبن، ئەم دەربڕاوە لێڵ و ناڕوون دەبێت بۆیان، کە لە ئاینی ئیسلامدا لەکاتی بینینی مانگ جەژنەکان دیاریدەکرێن، هەمان ڕستە دەکرێت لە دەوروبەرێکی دیکەدا، پیاوێك بەرامبەر ئافرەتێك بەکاری بهێنێت، لەو بارەدا وشەی (مانگ) بە واتای فەرهەنگی بەکارنایەت، بەڵکو مەبەستی لێی ئافرەتەکەیە. نموونەی (7-ت)، لە کلتوری ئەو نەتەوانەی، کە پەیرەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، دەتوانن واتا بەم دەربڕاوە ببەخشن، لەواتای خوشك و برای شیریی تێبگەن، لەبەرئەوەی ئاینیش بەشێکە لە کلتور، هەروەها لە نموونەی (7- ج)دا، ئەم دەربڕاوە بەپێی کلتوری نەتەوەکان واتای جیاوازی دەبێت، لە کلتوری کوردیدا، بەو کەسانە دەوترێت دەزگیران، کە مارەکراوی یەکتربن، بەڵام لە کلتوری هەندێ لە نەتەوەکانی دیکە، بەواتای ئەوە دێت، ئەو دوو کەسە نیشانەکراوی یەکترن، نەك مارەکراو.

3/2) دەوروبەری دەروونی و سۆزداریی

ئەم دووجۆرەی دەوروبەر، بەشێکن لە دەوروبەری نازمانی، پانتاییەکی فراوانی ژیانی تاك داگیردەکەن، زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەشێوەیەك دەوروبەری سۆزداریی لەناو دەوروبەری دەروونیدایە، چونکە لایەنی سۆزداری لە چوارچێوەی لایەنە فراوانەکانی دەروونیدا سەرهەڵدەدات. بەگشتی باری دەروونی و لایەنی سۆزداریی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، کە کاریگەریی هەیە لەسەر دەربڕاوەزمانییەکان و ڕێژەی سۆز و توڕەیی و هەڵچون و شەرم و ترس و چێژ و خەم...هتد، سەرجەم بارەدەروونییەکانی ئاخێوەر دەردەخات. بەهەمانشێوە، لێکدانەوەی دەربڕاوەکانیش بەپێی لایەنی دەروونی گوێگر دەبێت، کە ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. هەربۆیە دروستەی دەربڕاوەکان و تێگەیشتنی تاکەکان بۆ یەکەزمانییەکان، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن. بەوپێیەی، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان زمان و بیردا هەیە، هەر کێشە و ئاڵۆزییەك بە هۆی هەڵچونی دەروونییەوە لەبیری مرۆڤدا ڕوودەدات، لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش کاریگەری و ڕۆڵی دەوروبەری دەروونی و سۆزداریی ئاخێوەر و گوێگر لەسەر دروستەی دەربڕاوەکان دەنوێنێت. بەهەمانشێوە، بۆ واتا و مەبەستیش ڕۆڵێکی گرنگییان دەبێت.

دەتوانین بڵێین، دەوروبەری دەروونی "ئەو هەڵچوونە دەروونیانە دەگرێتەوە، کە نێرەر ڕستە و گوتنەکانی تێدا دەردەبڕێت "(ئاوات ئەحمەد محەمەد، 2009: 33). دەوروبەری سۆزداریش دەچێتە چوارچێوەی دەوروبەری دەروونیەوە، واتە دەوروبەری دەروونی فراوانترە و دەوروبەری سۆزداری، "سروشتی بەکارهێنانی وشەکان لە نێوان واتا بابەتییەکەی (واتای گشتی) و واتا سۆزدارییەکەی (واتای تایبەتی) دیاریدەکات" (ئالان محەمەد ئەوڕەحمان، 2015: 57)، بۆنموونە دەربڕاوێکی وەك:

٨)ا- ماندوو نەبیت.

ب- وامزانی ڕادیۆیە.

دەربڕاوی نموونەی (8- ا)، بەپێی دەوروبەری دەروونی و سۆزداری قسەکەر دەگۆڕێت، ئەگەر بە خوێندکارێکی کەمتەرخەم بوترێت، واتە ئاخێوەر توڕەیە و بەم دەربڕاوە سەرزەنشتی خوێندکارەکە دەکات. واتا تایبەتییەکەی (سۆزداری) دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە کرێکارێك بوترێت، واتای پێزانین و دەستخۆشی دەگەیەنێت، کە واتا گشتییەکەیەتی. دەربڕاوی نموونەی (8- ب)، لە بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتدا دەوترێت، کە واتای ترس و پەشیمانی بگەیەنێت، کاتێك کەسێك لەبارەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی، لەترسی ئەنجامی لێدوانەکانی، بۆ یەکەمجار ئەم دەربڕاوەی بە واتایەکی سۆزداری تایبەت بەکارهێناوە، لەپاشاندا ئەم دەربڕاوە بەشێوەیەکی فراوان بۆ واتا تایبەتییەکەی، کە ترس و پەشیمانبوونەوەیە، بەکاردێت. بەڵام ئەگەر کەسێك، گوێی لە دەنگی گۆرانییەك ببێت، پێی وابێت، سەرچاوەی گۆرانییەکە لە ڕادیۆوەیە، نەك مۆبایل یان تیڤی، ئەوکاتە ئەم دەربڕاوە بە واتا بابەتییەکەی بەکاردێت.

لەهەندێك باردا، ناوی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی دایك و باوك و ئەو بارودۆخەیە، کە تێیدا لەدایکبوون و ژیاون. نموونەکانی (٩) هەریەکەیان لە بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتدا لە منداڵ نراون:

٩)ا- فرمێسك، غەمگین/ بەهۆی مردنی باوك یان دایك لەکاتی لەدایکبوونیدا.

ب- ئاوارە/ لە کۆچ و بارکردن و دەربەدەریدا لەدایکبووە.

پ- پەرۆش/ بەپەرۆشبوونی دایك و باوك بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەیان.

ت- نیهایەت/ زۆرجار لەدوای لەدایکبوونی چەند منداڵێکی کچ، ئەم ناوە لە منداڵێکی کچ دەنرێت، بەهیوای ئەوەی کۆتا کچ بێت و لەپاش ئەو، منداڵی کوڕ لەدایکببێت.

ج- شوانە/ تەنها بەهۆی ئەم ناوەوە دەزانرێت، خاوەنەکەی کوڕێکە و لە پاش چەند کچێك لەدایکبووە.

چ- هێرش، هەڵمەت، شۆڕش/ هەریەك لەم ناوانە لە دەوروبەری سۆزداریی تایبەتدا نراون، کە ڕەنگە کاتی شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کورد، لە ئەنجامی هەستی بەرزی کوردایەتی ئەم ناوانە بۆ منداڵ هەڵبژێرراون.

کەواتە، لە پشت هەر دەربڕاوێکی زمانییەوە، دەکرێت هەست بە لایەنی دەروونی و سۆزداری ئاخێوەربکرێت، شیکردنەوەی ئەم دەربڕاوانەش، بەپێی باری دەروونی و سۆزداریی گوێگران لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز دەبێت، چونکە

باری دەروونیی مرۆڤەکان لەیەکتر جیاوازن. هەر لە ڕێگەی ئەم دەوروبەرانەیشەوە، ڕێژەی توانا و لاوازی و بێ دەسەڵاتی ئاخێوەریش دەردەکەوێت. زۆرجار زمانی ئاماژەیش، کە بەشێکە لە دەوروبەری سۆزداری، لە بەخشینی واتای جیاواز بە یەکە زمانییەکان، بەشدار دەبێت، چونکە "هێماکردن و جوڵاندنی بەشێك لە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، لەم دەوروبەرەدا بەکاردێن" (بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین، 2013: 40). لەوانە جوڵەی دەست و پەنجە و سەر و لێو و چاو و برۆ و ناوچاوان...هتد، کە هەریەکەیان بەپێی جوڵە جیاوازەکان، باری دەروونیی قسەکەر دەخەنەڕوو، بەمشێوەیەش لە گەیاندنی پەیامەکاندا بەشداردەبن.

4/2) دەوروبەر فیزیکی

جۆرێکە لە دەوروبەری نازمانی، "بەواتای کات و شوێن دێت" (سازان ڕەزا موعین، 2005: 67)، واتە دەربڕاوەکان بەپێی دەوروبەری کات و شوێن، واتا و مەبەست و دروستەی جیاواز وەردەگرن. مێژووش دەبێتە بەشێك لە دەوروبەری فیزیکی، کاتێك دەربڕاوێك مێژووەکەی دیار نەبێت، لێڵی و نادروستیی لێکدانەوەکانی بەدوادادێت.

ئاشکرایە، هەر دەربڕاوێك، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەرهەمدێت و هەندێك لەم دەربڕاوانەش بەبێ ئاگاداربوون لە کات و شوێنی ئاخاوتنەکەی، ناتوانرێت مەبەستەکەی بدۆزرێتەوە. بۆنموونە کاتێك هەریەك لە دەربڕاوەکانی (١٠) دەردەبڕرێن، ئەگەر ئاگاداری دەوروبەری فیزیکی نەبین، ئەوا ناتوانین تێگەیشتن و لێکدانەوە و درککردنێکی دروست و ڕوونمان بۆیان هەبێت.

١٠)ا- لێرە ئۆتۆمبێل ڕامەگرە.

ب- جگەرەکێشان قەدەغەیە.

پ- نۆشی گیانتانبێ.

ت- مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە.

لە نموونەی (10- ا)، دەکرێت لە شوێنێکی نایاسایدا نووسرابێت، وەك: لە پێشەوەی دەرگای گەراج، کە بەواتای ئەوە دێت، ئەگەر لێرە ئۆتۆمبێل ڕابگری، ڕێگای هاتنەدەرەوەی ئۆتۆمبێلەکانی ناو گەراجەکە دەگریت، یان لەسەر شۆستە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە شۆستە شوێنی هاتوچۆکردنی هاوڵاتیانە، ڕەنگە ئۆتۆمبێلەکەش بە ڕاگرتنی لەو شوێنەدا، تووشی ڕووداو بێت، یان هەندێکجار لەسەر دیواری ماڵێك دەنوسرێت، ئەمەش نارازیبوونی خاوەن ماڵ دەردەخات، لە نموونەی (10- ب)دا، ئەم دەربڕاوە دەکرێت لە ناو پاس یان لە نۆرینگەی پزیشکی یان نەخۆشخانەدا بوترێت، هەروەها گونجاو نییە هەمان دەربڕاو بە میوانێک بوترێت. لە نموونەی (10- پ)دا، ئەمەش کاتێك دەوترێت، کە کەسی بەرانبەر خواردنێك بخوات، یان دەکرێت لە دەوروبەرێکدا وەك تانە لێدان، یان ڕەخنەگرتن دەربېرێت، لە نموونەی (10- ت)دا، لە نۆرینگە، فەرمانگە، کتێبخانە، یان لە زانکۆ، مامۆستا بە خوێندکار دەڵێت، ناگونجێت، بە میوان بوترێت، یان لە شوێنی گشتیدا بەکارهێنانی نەگونجاوە.

5/2) دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

هەریەك لەم دوو دەوروبەرە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە و پەیوەستن بەیەکەوە، دەوروبەری ڕۆشنبیری لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، لەبەر ئەم نزیکییەیشیانە، کە پێکەوە هێنراونەتەوە و باسکراون. "زاراوەی (دەوروبەری کۆمەڵایەتی) هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتیانە لەخۆدەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە" (ئاڤێستا کەمال مەحموود، 2006: 10). هەربەهۆی ئەم ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتییانەوە، دەتوانرێت، ئاست و پێگەی قسەکەر و گوێگر بزانرێت، هەروەها چین و ڕەگەزی قسەکەر و گوێگریش دەردەخات، بۆنموونە:

١١)ا- گوێبگرن و ئاگاتان لێرەبێت.

ب. سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت/ السلام و علیکم و رحمةالله و برکاته

لەنموونەی (11- ا)دا و لە ڕوانگەی لێکدانەوە و تێگەیشتنمانەوە بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتیی دەربڕاوەکە، دەردەکەوێت، کە پێگەی قسەکەر لە پێگەی گوێگر بەرزترە، لە نموونەی (11-ب)دا پێگەی گەسی قسەکەر دەردەکەوێت، کە کەسێکی ئاینییە، یان بەپێچەوانەوە دەکرێت لە دەوروبەرێکی نەگونجاودا، وەك (یانەی شەوانە، مێزی خواردنەوە، کۆڕێکی ئاهەنگ...هتد)، بەمەبەستی ڕەخساندنی گاڵتەو پێکەنین بەکاربێت، یان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، کە بە پێی جۆری بەرنامەکە، گونجاوی و نەگونجاوی دەربڕاوەکە دەردەکەوێت، لەکاتی نەگونجانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، بارودۆخێکی پێکەنیناوی یان شەرمەزاری دێنێتە ئاراوە. ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوە و درککردنە جیاوازانەی واتا و مەبەستەکان، کە لەڕاستیدا کرۆک و ناواخنی دەربڕاوەکانیشیان چنیوە، بەهۆی دەوروبەر و کاریگەرییەکانییەوە بەدەستدێن.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی "دەستنیشانی جۆری پەیوەندیی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەکات"، (نەوزاد ئەنوەر عومەر، 2014: 10)، لەهەمانکاتدا دەتوانرێت، پەی بە ئاست و پلەو پێگەی هەریەك لە ئاخێوەر و گوێگر ببرێت، چونکە وشە و دەربڕاوەکان بە پێی باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان تاکەکان جیاوازن، ئەگەر پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەبێت، شێوازی ئاخاوتن و دروستەی ڕستەکانیان جیاواز دەبێت، وەك لە پەیوەندییەکی هاوپیشەیی و فەرمی، یان لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی...هتدا دەبینرێت. بەوپێیەی زمان و کۆمەڵ پەیوەستن پێکەوە، "کۆمەڵگەش خۆی لە خۆیدا هەڵوێستە و هەموو جۆرەکانی دەوروبەر لەخۆدەگرێت." (سەرچاوەی پێشوو: 211)، دەوروبەری

ڕۆشنبیریش لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتیدایە و ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەپێی کلتورو شوێن و بارودۆخەکان، ڕادەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریش جیاواز دەبن، هەروەها تێڕوانینی کەسەکان بۆ چەمکی ڕۆشنبیری جیاوازە و لەکلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دیکەش دەگۆڕێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی دابونەریت و کلتور و ئایندا ڕوودەدات. ئاستی ڕۆشنبیریش لە گوفتار و کردار و چۆنێتیی ڕۆنانی دەربراوە زمانییەکاندا، ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە هەریەك لە وشەکانی (جێندەر، ئاواز، سەر...هتد)، لە زانستە جیاوازەکاندا واتا و چەمکی جیاواز دەگەیەنن:




6/2) زانیاریی هاوبەش

جۆرە جیاوازەکانی دەوروبەر و کاریگەرییان لەسەر دەربڕاوە زمانییەکان، بەپێی زمان و کلتورو کۆمەڵگە و بارودۆخ دەگۆڕێت. هەموویان کەم تا زۆر، کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام دەتوانرێت بوترێت بوونی زانیاریی هاوبەش، لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا، لە بەربڵاوترین جۆری دەوروبەرە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی، لە پێکهێنانی ڕۆنانە جیاوازەکان و تێگەیشتن لە واتا و مەبەستەکاندا هەیە. ژمارەی دەوروبەرەکان و ڕۆڵیان لە لێکدانەوە و بەرهەمهێنانی دەربڕاوەکاندا دەگۆڕێت. دەکرێت لە دەربڕینێکدا، چەندین جۆری دەوروبەر لەبەرچاوبگیرێت. بە بۆچوونی (لیچ)، "دەوروبەر زانیارییەکی نێوان نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆکاری یارمەتیدانی وەرگر لە بەرانبەر ئەو مەبەستانەی، کە نێرەر هەیەتی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی." (شلێر ڕەشید عەبدوڵا، 2015: 39)، ئەمەش گرنگیی زانیاریی هاوبەش، لە گەیاندنی مەبەستەکاندا دەردەخات، یان ڕەوینەوەی لێڵی دەربڕاوە زمانییەکان. هەروەها نەبوونی زانیاریی هاوبەش لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا، یان نەبوونی زانیارییەکان لای یەکێکیان، دروستەی ڕستەکان دەگۆڕێت و تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەکات.

7/2) زانیاریی دنیایی

تەواوی ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە، کە تاك لە ژیانیدا وەریاندەگرێت، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوە، یان ئەزموونەکان و کلتورو گەشتکردن...هتدیەوە دەبێت. ئەم زانیاریانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ، لەسەر شێوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان دادەنێن. بوونی ئەم زانیاریانە لای ئاخێوەر و نەبوونی لای گوێگر، لاوازی لە تێگەیشتندا دێنێتەئاراوە. ڕادەی ئەم زانیارییە دونیاییانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، کەواتە، "زانیارییە دونیاییەکان لەلایەن قسەکەرەوە هەڵدەگوێزرێن و بەجفرە، دەنێرێن بۆ گوێگر، گوێگریش بەپێی ئەو باکگراوندو پرنسیپانەی، کە لەگەڵ قسەکەردا هاوبەشیدەکات، شیدەکاتەوە"، (ئاڤێستا کەمال مەحموود، 2006: 12)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەبەستە، با لە نموونەی (١٢) بڕوانین:

١٢- ڕۆژی عەرەفە پشووە.

ئەم دەربڕاوە، کاتێك گوێگر لێیتێدەگات، کە زانیاریی دونیایی لەسەر ڕۆژی عەرەفە هەبێت، کە ڕۆژێك پێش جەژنەکانی ئاینی ئیسلامە، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکی موسوڵماندا، دەتوانرێت ئەم زانیاریانە بەدەستبهێنرێن و ئەزموونبکرێن و پاشان دەبنە زانیاریی دونیایی لای گوێگر و ئاخێوەریش، بەهۆی ئەم زانیارییە دونیاییانەوە، پەیوەندی و ئاخاوتنی نێوان تاکەکان دروستدەبن.

## ئەنجامەکان:

١. (دەوروبەری زمانی) وەك جۆرێکی سەرەکی دەوروبەر، گرنگی و کاریگەری خۆی، لە زانستی زماندا هەیە، هەندێکجاریش لەگەڵ دەوروبەری نازمانی پێکەوە واتای دەربڕاوەکان دەخەنەڕوو.

٢. سەرجەم دەربڕاوە زمانیی و نازمانییەکان، ناتوانرێت بە دابڕاوی لە دەوروبەر شیبکرێنەوە.

٣. (زانیاریی هاوبەش)، جۆرێکی چالاکی دەوروبەری نازمانییە، کە لە زمانی کوردیدا، ڕۆڵێکی فراوانی لە تێگەیشتن لە واتای دەربڕاوەکان و پێکهێنانی دروستەی جیاواز لەلایەن ئاخێوەرانەوە هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:


١)بەزمانی کوردی:

ا. نامەی زانکۆیی:

1. ئاوات ئەحمەد سالح(٢٠٠٩)، شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان.

2. شیرزاد سعید صدیق(٢٠٠٨)، ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هاڵیدەی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب.

3. نەوزاد ئەنوەر عومەر(٢٠١٤)، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی و پراگماتیک لە زمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.

4. شلێر ڕەشید عەبدوڵا(2015)، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.

5. شاخەوان جەلال فەرەج(٢٠١١)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

6. صباح رشید قادر(٢٠٠٠)، هاوبیژیی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

7. سازان رضا موعین(٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانكۆی سەڵاحەددین، كۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان.

8. ئاڤێستا کەمال مەحموود(2006)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە دیالێكتی كرمانجیی خواروودا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زمان.

9. ئالان محەمەد ئەوڕەحمان(2015)، پەرچە واتا لە بۆتەی كۆزمانەوانیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، سكولَی زمان.

ب. گۆڤاری زانستیی:

10. ، بەكر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین(٢٠١٣)، دەوروبەری زمانی، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٢٤)، لاپەڕە (٣٧-٥٨).

٢) بە زمانی فارسی:

أ.كتێب:

1. مارینا مانفردی(١٣٩٤)، ترجمەی متن و بافت غیر زبانی، مترجم: آزیتا افراشی، تهران، نشر قطره.

2. مایكل هلیدی، رقیە حسن(1393)، زبان، بافت و متن، ترجمەی مجتبی منشی زاده و طاهره ایشانی، تهران، انتشارات علمی.

ب. گۆڤاری زانستیی:

1. سید محمد رضا ابن رسول، مرضیه قربان خانی، نصراله شاملی(١٣٩٦)، مطالعه تطبیقی نظریه نظم عبدالقاهر جرجانی و نظریه بافت موقعیت فرث، ادب عربی، سال ٩، شماره ٢، صفحه(١٧- ٣٥).

2. لیلا الهیان(1391)، بررسی اهمیت بافت در پژوهشهای ادبی، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال 9، شماره 36 و 37، صفحه(35- 49).

3. فرشید تركاشوند، نسرین ناگهی(١٣٩٢)، تحلیل مقایسەای ساز و كار قرینه و بافت زبانی در فهم متن، فصلنامه علمی- پژوهشی پژوهش های ترجمه در زبان و ادبیات عربی، سال ٣، شماره ٩، صفحه(٥٥- ٧٠).

4. مرضیه رستمیان، سید كاظم طباطبایی(1390)، بررسی تطبیقی بافت موقعیت(برون زبانی) از دیدگاه فرث، هایمز و لوئیس با سیاق حالیه، دو فصلنامه تخصصی پژوهشهای میان رشتەای قرآن كریم، سال دوم، شماره چهارم، صفحه(29- 36).

5. علیرضا روستایی، علی اصغر روان شاد(١٤٠٠)، تأثیر بافت زبانی در گزینش باهم آیی واژگان قرآن كریم، دوفصلنامه علمی پژوهش های زبانشناختی قرآن، سال دهم، شماره اول، شماره پیاپی(١٩)، صفحه(٤٢- ٦٠).

6. آزاده شریفی(1397)، بافت در زبانشناسی نقش گرا و كاربست های آن در نمونەهایی از ادبیات كلاسیك فارسی، رخسار زبان، شماره 6 و 7، صفحه(74- 91).

7. سید مهدی مسبوق، رسول فتحی مظفری(1396)، نگرشی نو بر كاركردشناسی بافت زبانی در فهم و انتقال مضامین نهج البلاغه، علوم حدیث، سال بیست و دوم، شماره دوم، صفحه(27- 50).

3. بە زمانی عەرەبی:

أ. نامەی زانكۆیی:

1. ناریمان براح(2015)، النظرية السياقية فى الدرس اللسانى قديما وحديثا، رسالة ماستر، جامعة العربى بن مهيدى، كلية الآداب واللغات.

2. بوزبوجة عبدالقادر(٢٠١٧)، نظرية السياق عند اللغويين و البلاغيين العرب، رسالة دكتوراه، جامعة وهران, كلية الآداب واللغات والفنون.

4. بە زمانی ئینگلیزیی:

ا. كتێب

- Doyle V. F., (2007), The Role of Context in Meaning and Understanding, Dissertation zur Erlangung des Doktorgrades der Philosophie (Dr. phil.), geb. am 01.01.60 in Newburyport, Massachusetts, U.S.A.

ب. گۆڤاری زانستیی:

- Song L., (2010), The Role of Context in Discourse Analysis, Journal of Language Teaching and Researchm vol.1, No. 6, page 876- 879.

- Requejo M. D. P., (2007), The Role of Context in Word Meaning Construction: A Case Study, IJES, International Journal of English Studies, vol. 7 (1), 2007, pp. 169-173.